# عەلی قازی محەممەد:

# پارتی ئازادیی کوردستان بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان خەبات دەکا

پارتی ئازادیی کوردستان، بەسەرۆکایەتیی عەلی قازی محەممەد، لەپێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا خەبات دەکا و لە کۆنگرەی یەکەمیدا(10-12 ئۆکتوبەری 2006) وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزەی بە دروشم و ئامانجی سەرەکیی خۆی داناوە. بۆ گەیاندنی زانیاریی زۆرتر بە بیروڕای گشتی، "بۆ کوردستان" وتووێژی لەگەڵ بەڕێز عەلی قازی محەممەد، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان پێکهێنا.



**بۆ کوردستان: تکایە سەبارەت بە ئامانجی دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان بۆ هاوڵاتیانمان بدوێن؟**

**عەلی قازی محەممەد:** ساڵی 1946 بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، کۆماری کوردستان لە مهاباد راگەیەندرا. ئەوە یەکەمین و دوایین جارە کە کورد بووە بە خاوەنی دەوڵەتێک. ئێمە وەکوو پارتی ئازادیی کوردستان، ئەو دروشمەمان هەڵگرتووە کە بۆ جاری دووهەم کۆماری کوردستان لە مهاباد دابمەزرێنین. ئەوە دروشمی سەرەکیی پارتی ئازادیی کوردستانە. ئەو بەرنامەیە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادیی کوردستاندا راگەیەندرا. ئێمە نەک هەر هیوادارین، بەڵکوو بڕوامان بەوە هەیە کە میللەتی کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

**"بۆ کوردستان": PAK تاکوو ئەمڕۆ چ هەنگاوگەلێکی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەڵهێناوە؟**

**عەلی قازی محەممەد:** گرینگترین هەنگاو ئەوەیە کە PAK ئامانجێکی روون و دیاریی کراوی دەستنیشان کردووە. ئەو ئامانجە رەوایە. چوونکە کورد 62 ساڵ لەمەوبەر بە ویستی خۆی ئەو کۆمارەی دامەزراند، بەڵام بە هێرشی دوژمنان رووخا، ئێستا دامەزراندنەوەی ئەو کۆمارە هەم مافی کوردە و هەم ئەرکی رۆڵەکانیەتی. پارتی ئازادیی کوردستان تێکۆشاوە رەوایی ئەم ئامانجە بەرێتە ناو خەڵکەوە و تێدەکۆشێ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان دەتوانێ دروشمی یەکگرتووی هەمووان بێ.

**"بۆکوردستان": وەکوو سەرۆکی PAK، لەم پێوەندییەدا، چ قسە یان خود پەیامێکتان بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان هەیە؟**

**عەلی قازی محەممەد:** ئەمن لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان داوا دەکەم، پێکەوە بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێنین و ببین بە پێشئاهەنگی گەلانی دیکە لە ئێراندا، لە بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆمان. بەداخەوە لەبەر ناکۆکییەکانی ناوخۆ، هەتا ئێستا بەو ئامانجە نەگەیشتووین. پارتی ئازادیی کوردستان، هەتا ئێستا تێکۆشانێکی زۆری بۆ ئەو مەبەستە هەبووە.

**"بۆ کوردستان": ئێمە لەسەر و بەری 10 خاکەلێوەداین، جەنابتان چ وەکوو سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و چ وەکوو کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، چ پەیام و داواکارییەکتان بۆ خەڵک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەیە؟**

**عەلی قازی محەممەد:** درێژەدانی رێگای پیرۆزی پێشەوا قازی محەممەد و هەڤاڵانی، باشترین رێزگرتنە لەوان و خەبات و خزمەتەکانیان بۆ رزگاریی کورد و کوردستان. بێگومان بۆ ئەوەیکە ئێمە بتوانین رێگای پێشەوا قازی محەممەد و هەڤاڵانی درێژەپێبدەین، دەبێ گوێڕایەڵی رێنوێنییەکانیان بین. پێشەوا قازی محەممەد لە وەسییەتنامە سیاسییەکەیدا، پێش شەهیدبوونی، داوا هەرە سەرەکییەکەی ئەوە بوو کە، کورد یەک بن و یەکگرتوو بن. تەنیا لە سێبەری یەکبوون و یەکگرتندایە کە ئەم نەتەوەیە دەتوانێ بە ئامانجی لەمێژینەی خۆی، واتە ئازادی و سەربەخۆیی هەر چوارپارچەی کوردستان، کە 250 ساڵە حەولی بۆ دەدا، بگا.

بەخۆشییەوە ئەمڕۆ کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، لێک نزیکبوونە و ئێمە شاهیدین کە هەموو رۆژێ کوڕ و کچە قارەمانەکانی ئەم میللەتە، گیانی خۆیان لەپێناو رزگاریی کوردستاندا قوربانی دەکەن. هەر لە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵدا، ئێمە دیتمان کە لە رۆژاوا و باکووری کوردستان، خەڵک، بێ ترس و بە فیداکارییەوە، هاتنە نێو شەقامەکان و رێزیان لەو سیمبوول و جێژنە نەتەوەییە گرت و چەندین شەهیدیان بۆ دا.

خۆشبەختانە، ئەمڕۆ کوردان ئاگاداری خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکانی خۆیانن و ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لە هەرچوارپارچەی نیشتمانەکەماندا دەشەکێتەوە و جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی قبووڵ کراوە و بە باشترین شێواز بەڕێوە دەبردرێ.

هەر وەکوو شەهید پێشەوا، لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا بانگەشەی یەکبوونی دەکرد، ئەمنیش ئەو داوایەی ئەو دووپات دەکەمەوە و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە یەک بن و یەکێتی لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە کە نوێنەرایەتیی هەر چوارپارچەی کوردستان بکا . بێگومان ئەگەر دونیا ببینێ کە کورد یەکێکە و لەسەر داوا رەواکانی خۆی پێدادەگرێ، زۆرتر گوێ دەداتە قسەکانی و ئیمکانی وەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان زۆرتر دەبێ.

**بۆ کوردستان: سوپاس بۆ ئەوەیکە کاتی خۆتان بە ئێمە دا و جارێکی دیکەش جەژنی نەتەوەیی نەورۆزتان لێ پیرۆز دەکەین.**

**عەلی قازی محەممەد:** سوپاس بۆ ئێوەش. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. جارێکی دیکەش پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە ئێوە و لە هەموو هەڤاڵانی PAK و سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم.

# حیزبە کوردستانییەکان

# هێرش و پەلاماری دوژمنان بۆ سەر کورد شەرمەزار دەکەن



10 حیزبی سیاسیی سێ پارچەی کوردستان، راگەیەندراوێکی هاوبەش لەمەڕ **"رووداو و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی کوردستان"** بڵاو دەکەنەوە و تێیدا بۆ جارێکی دیکە، هێرش و پەلاماری دوژمنان بۆ سەر کورد شەرمەزار و ریسوا دەکەن و داوا لە هەموو حیزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان دەکەن، کە بە یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی خۆیان، پێشی ئەو پەلامارانە بگرن."

لە بەشێکی راگەیەندراوەکەدا، ئاماژە بە گوشاری هێزەکانی ئێران، ترکیا و سووریە بۆ سەر رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، لە رۆژانی جێژنی نەورۆزدا کراوە و هاتووە: "هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، بۆتە هۆی زیانی گیانی و ماڵیی خەڵکی گوندەکانی سەر سنوور و ئەوانی ناچار کردووە بۆ پاراستنی گیانیان، ماڵ و کێڵگە و باخەکانیان چۆڵ بکەن و ئاوارە ببن. هەروەها دەوڵەتی تورکیە لە نەورۆزی ئەمساڵدا، هێرشی کردە سەر کوردستان، کە لەو هێرشەدا دوو کەس گیانیان لە دەست دا و بە سەدان کەس بریندار و دەستبەسەر کران ."

راگەیەندراوەکە، بەم چەشنە باس لە پێشهاتەکانی رۆژاوای کوردستان دەکا :"خەڵکی رۆژاوای کوردستان، لە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵدا، خوازیاری بەڕێوەچوونی ئاشتییانەی ئەم جێژنە نەتەوەییە بوون، کەچی بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە بەر پەلاماری رێژیمی شۆڤێنیستی بەعس و دوژمنان چاویان بەرایی بینینی پیرۆزکرانی نەورۆزی نەبوو و گەلی دایە بەر رەهێڵەی گوللە کە لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی ئاسایشی رێژیم، سێ کورد شەهید کران و بە دەیان کەس بریندار و دەستبەسەر کران."

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەیاندا، ئەو 10 حیزبە کوردییە، کە لە هێزەکانی رۆژهەڵات، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێرانیان تێدایە، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورۆپا و هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆست و هیومانیستە نێونەتەوەییەکان دەکەن کە "لە مەڕ هێرشی تورکیە و سووریە و ئێران بۆ سەر نەتەوەی کورد و کوردستانی باشوور، دەنگ هەڵێنن و گوشار بخەنە سەریان تا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد، رێگای ئاشتییانە و دێموکراتیك بگرنە بەر و پەیوەندیی سیاسی و ئابووری و کولتووریی سەردەمییانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، دابمەزرێنن."